گۆڤارا ئەكاديمى يا زانكويا نەوروز (المجلة الأَكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الايداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.، e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1821

# رۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا

مللەت عسمەت اقبال، كوليژی زمان، زاكۆي صه لاحه دين، هه ولير، كوردستاني عيراق

كوليژی زمان، زاكۆي صه لاحه دين، هه ولير، كوردستاني عيراق پ.ی.د.سامان جەلال مەولود

**پۆختە:**

رۆڵی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دوای تێپەربوونی ٣٢ ساڵ بەسەر دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردی لە قۆناغی دوای سەرهەڵدان ١٩٩١ کە قۆناغی دیموکراسی تێدا گەشەکردووە، ئایا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەبەردەوامی پەخشی خۆی دەکەن، رۆڵی خۆی وەکو پێویست لە پرسە دیموکراسیەکان گێڕاوە؟ چەند رۆڵیان پیشەیی و زانستی و بابەتیانەبووە. بویە توێژەر بە پەیرەوکردنی رێبازێکی زانستی هەوڵدەدات بزانێت رۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە چ ئاستێکدایە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە بۆ هەلسەنگاندنی رۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە قۆناغی سەرهەڵدان دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا لەرێێ سامپلێک لە مامۆستاکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەو رۆڵ و کاریگەریە هەڵسەنگێندراوە، جۆری توێژینەوەکە وەسفیە و رێبازی رووپێوی بەکارهێناوە لەگەل سامپلێک لە مامۆستاکانی زانکۆکانی کوردستان کە ژمارەیان ١٩٦ مامۆستایی زانکۆن.

**پێشەکی:**

میدیا و دیموکراسیەت پەیوەندیەکی دووانەیی و دووقولی و راستەوانە لەگەل یەکدا هەیە، لەو کاتەوەی ئامرازەکانی میدیا جێگایی خۆی لە ناو ژیانی مرۆڤایەتی بەبالادەستی گرتووە. دوای دەرکەوتنی ئامرازەکانی میدیا و گەیاندن ئەو رۆلە لەناو کۆمەلگا جیاوازەکاندا زۆر زیاتربووە و بەتایبەتی لەو وڵاتانەی سیستەمی بەرێوەبردنیان دیموکراسی بووە، لەدوای دەرکەوتنی تەلەفزیۆن لەناوەراستی سەدەی بیستەم دا میدیا چووتە قۆناغێکی نوێ و دەولەتان زیاتر هەست بەگرنگی میدیا لەپرسە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیداکرووە، هەر چەند دیموکراسی بابەتێکی زۆر لەپەیدابوونی ئامرازە کلاسیکیەکانی وەک (رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن) کونترە، بەڵام بووە رێگایەکی ئاسان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی دیموکراسی و درۆستکردنی رۆڵ و کاریگەری لەم بوارەدا.

تەلەفزیۆن کاریگەرترین ئامرازی میدیا کلاسیکە، تەنانەت دوای دەرکەوتنی ئامرازەکانی میدیایی نوێ (سوشیال میدیا) بەرهەمەکانی تەلەفزیۆن دەچنە ناو تورە کۆمەلایەتیەکاندا و سود لەو بەرهەمانە وەردەگرێت، لە سەرجەم بەرهەمەکانی تەلەفزیۆن دا وەکو (بەرنامە، هەواڵ، شروڤە و گفتوگو، دیکومێنت، دیبەیت، فلم و....) دەتوانرێت وەکو ئامرازێک بۆ گەیاندنی سەرجەم پەیامەکانی دیموکراسی سود وەربگرێت و تەنانەت بیروبوچونی وەرگر بگۆردرێت و کاریگەریەکی درێژخایەن درۆستبکات.

### تەوەری یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوە

#### ١-١-١ کێشەی توێژینەوە:

کێشەی بنەرەتی ئەم توێژینەوەیە، دیموکراسی وەکو سیستەم لەناو کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا زۆر قوڵ نەبووتەوە و نەبووتە بەشێک لەژیانی تاکەکان و کۆمەلگەکان و ئەمەش کۆمەلێک هۆکاری خۆی هەیە، رۆلی راگەیاندن، بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی دەردەخات دوای قۆناغی سەرهەڵدان دیموکراسی بە ٣٢ سال لە هەرێمی کوردستاندا بووە و چ کاریگەریەک هەبووە و بەرەو کام ئاراستەیی میدیا و دیموکراسی دەروین.

#### ٢-١-١ پرسیارەکانی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر کۆمەلێک پرسیاریی ئاراستەکردووە تا کو بەرێگایی وەڵامی پرسیارەکانی رۆلی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەنەشونماکردنی دیموکراسی لەقۆناغی سەرهەڵدان دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بخاتەروو و پرسیارەکانی توێژەریش بریتین لە:

- ئایا تەلەفزیۆن رۆلی خۆی لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا گێراوە؟ و چۆن گێراوە؟
- ئایا لە ناوەرۆکی بەرهەمە تەلەفزیونییەکان ئاراستەکانی دیموکراسی بۆ نەشونماکردنی بابەتە دیموکراسیەکان لەچی دا دەبینن، چۆن ئەوە دەکرێت؟
- چ بنەمایەکی دیموکراسی لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی تەلەفزیۆن دەبینرێت؟
- کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، دیموکراسی وەکو سیستەمێکی ژیان ناساندووە یان تەنانەت وەکو بابەتێکی سیاسی و هەڵبژاردن سەیر دەکرێت؟
- چۆن بتوانیت ئەو رۆڵە قۆلتر بکرێت؟ لەئاییندەیی تەلەفزیۆن و دیموکراسی چۆن دەروانن؟ **١-١-٣ گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەرووی تیوریەوە، ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو چەند توێژینەوە کەمانەی لەسەر پرسی میدیا و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون و بەتایبەتی لەسەر رۆلی تەلەفزیۆن لە گەشە و نەشونماکردنی دیموکراسی، بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە تیشک دەخاتە سەر رۆلی تەلەفزیۆن لەنەشونماکردنی دیموکراسی لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەل خستنەرووی پەیوەندی نێوان راگەیاندن و دیموکراسی و راگەیاندن و تەلەفزیۆن و هەلسەنگاندنی کاریگەری ئەم پەیوەندی و هەماهەنگیە لەنێوان هەردوو چەمکەکە و ئەم سەرچاوەیە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی راگەیاندن کە زیاتر بابەتەکانی دیموکراسی بخرێتە ناو ناوەرۆکی دەزگاکانی راگەیاندن تاوەکو لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامە زانستیە بەدەستهاتوون هەنگاوەکانی پراکتیکی بنێن.

### ١-١-٤ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاراستەکانی دیموکراسیە لەناوەرۆکی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکاندا و رۆلی تەلەفزیۆن لەنەشونماکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، کە ٣٢ ساڵە هەرێمی کوردستان کیانێکی فیدرالی یە سەر بە دەولەتی عیراقی فیدراڵی. دوای ئەم ماوەیە، توێژینەوە هەلسەنگاندن بۆ رۆلی تەلەفزیۆن لە بەرەو پێشچوون و پەرەپێدانی دیموکراسی وەکو سیستەمێکی گرنگی ژیانی سەردەم دەکات.

### ١-١-٥ جۆر و رێبازی توێژینەوە:

جۆری توێژینەوە وەسفیە، بۆ گەیشتن بەداتا و زانیاریەکانیش رێبازی روپێووی بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە رێبازە زانستیە باو و بەکارهاتووەکانی توێژینەوە لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، لە نێوانشیاندا توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن.

### ١-١-٦ کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگەیی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە مامۆستایانی هەر سێ زانکۆی (سەلاحەددین-سلێمانی- دهۆک)، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە ١٩٦ مامۆستایی زانکۆ لەو هەر سێ زانکۆیانەی سەرەوە ئاماژەپێکراوە، کە بەشێوەی سامپلی مەبەستدار لە کۆمەلگەی توێژینەوە دەستنیشانکراون و لەسەرەتایی بەشی سێیەم دا باسی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوە کراوە.

### ١-١-٧ ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

لەبەر کەمی سەرچاوەکانی زانستی سەبارەت بەبابەتی میدیا و دیموکراسی بە زمانی کوردی و بەتایبەتی بۆ قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی ئاستەنگ لەم توێژینەوەیەدا دەهاتنە رێگایی توێژەر.

## تەوەری دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە

### ١-٢-١ رۆل:

رۆل ئەو ئەرکەیە کە بەکاریگەریەوە ئەنجام دەدەی چ بەرێگایی تاک بێت یان کۆمەلە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان لە رێی ئامرازێکی گەیاندن و پەیوەندیکردن.

لەم توێژینەوەیەدا رۆلی ئامرازی تەلەفزیۆن لە بابەتەکانی دیموکراسی دەپێوێرێت، هەلسەنگاندن بۆ ئەو رۆل و کاریگەریی و چونیەتی پێشخستن و نەشونماکردنی رۆلی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکات.

### ٣-٢-١ كەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:

مەبەست لە كەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەو میدیا بینراوانەن کە ناوەرۆکێکی هەمەچەشنی میدیایی بە دەنگ و رەنگ و وێنەی جوڵاوەوە لەرێگەی مانگی دەستکردەکانەوە ئاراستەبی بوشایی ئاسمان دەکات و کار لەسە گواستنەوەی پەیامی بینراو و بیستراو بەزمانی کوردی دەکات و لەم کاتەدا دەبێتە كەناڵی ئاسمانی کوردی. بویە لەم توێژینەوەیەدا ئەم چەمکە بەمانای ئەو کەناڵە ئاسمانیانە دێت کە لەهەرێمی کوردستاندا کاردەکەن و ناوەرۆکێکی هەواڵیان هەیە و پەیامەکانیان بەزمانی کوردی پەخش دەکەن.

### تەوەری سێیەم، پەیوەندی نێوان میدیا و دیموکراسی:

ئەو بابەتانەی کە لەمیدیای سیاسی لەسیستەمی دیموکراسیدا چاوەرێ دەکرێن بەرێگایی جیاواز دەکرێت بێنەدی چ بەرێگایی ئامرازە کۆن و نوێیەکانی راگەیاندن، دیموکراسی تاکە سیستەمە بەگوێرەی یاسا و بەپێی دەستور کارئاسانی تەواو بۆ میدیاکاران و هاولاتیان دەکات تا بتوانن دەستیان بگات بە هەر زانیاریەک کە پەیوەندی بەژیان و چارەنوسیانەوە هەبێ. هەروەها ئەو مافەشیان بۆ دابیندەکات کە بەئاسانی بگەنە راستی رووداوەکان و یاساکانی دیموکراسی میدکاران و هاولاتیان دەپارێزن لە هەر لێپێچینەوەیەکی نایاسایی و سیاسی کە ببنە رێگر لەبەردەم بەدواداچوونی راستیەکان و ئاشکراکردنی کەم و کوریەکانی حکومەت.

پەیوەندی میدیا بە دیموکراسی، پەیوەندیەکی راستەوانەیە و گەشەی میدیاکار دەوەستێتەوە سەر گەشەو نەشونماکردنی و پێشکەوتنی دیموکراسی کار دەکاتە سەر بەرەو پێشچوونی میدیا. کار لەسەر ئەو بابەتە دەکات کە ژیانی دیموکراسی برەوپێدەدات و هەموو ئەو ئاستانگانە کەم دەکاتەوە کە لەبەردەم پرۆسە و ژیانی دیموکراسی دەبنە لەمپەر. بۆیە تەرکیزکردنی میدیا لەگوشەی خزمەتگەیاندن بە دیموکراسی، لەرێگەی کرانەوەی زیاتر بە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن و وەرگرتنی بیرورا و سەرنج و هەڵوێستەکانی تاک و کۆمەڵەوەیە، هەروەها میدیا وزەی قەبولکردن و وێرانی بۆ بابەت و رووداوە نوێیەکان هەیە، کە هەموو ئەمانە وا لەمیدیا دەکات یارمەتی گۆرانکاری لە کۆمەلگادا بدات.

لە دیموکراسیەتی پەیوەندی و راگەیاندن  چەندین ئارمانج بەدی دەکرێن لە دوو خاڵ دا بەدی دەکەین:

1. راگەیاندن دەبێتە راگەیاندنی جەماوەر و لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر دەبێ.
2. هەروا راگەیاندن دیموکراسیەتی سیاسەت بەدیدەهێنێ، بەجۆرێ دەشێ چەمکی حوکمرانیەکی گەڵ بۆ گەڵ لەرێێ گەلەوە بەدیبهێنرێ.

لەبنەرەتدا دیموکراسیەتی راگەیاندن و پەیوەندیکردن پشت بەووتوێژ و دیالۆگانە دەبەستێ نە وەک سەپاندنی تاکە تێروانینێک یا خود بۆچونێک لەلوتکەوە بەسەر جەماوەردا دەبەستێت. دوو رێگایش بۆ دیالۆگ هەن نە وەک تەنها رێگایەک. رێگایەک هەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە و رێگایەکی تریش هەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و پێویستە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەلگاش بەژداری بکات لە دیالۆگەکاندا و هەروا دەبێ رووبەرووی هەموو ئەو لایەنانەیش ببنەوە کە پەیوەندیدارن بە کاروباری ژیانیانەوە ئیتر سیاسی بێ کۆمەلایەتی یا خۆد ئابۆری یان رۆشنبیری یا خود فێرکاری.

پێش دەساڵ نووسەری ئەمریکی کە بەرەچەلەک یونانی یە (فرانسیس فوکویاما) باسی کۆتایی مێژوو دەکات کە مەبەستی سیستەمە سیاسیەکانە، چونکە گەیشتوونەتە دیموکراسی لیبرال- ئەم تیورە زۆر رەخنەی لێگیراوە، لەم ماوەیەدا بەڵام نووسەر لەسەر بوچونەکانی سورە کە کۆتایی هۆکاری دیموکراسی لیبراڵە، چۆنکە شوعیەت لەناوچوو و دکتاتوریەتیش لەناودەچێت و لەنووسینێکی تردا دوای دە ساڵ لە گۆتارێکدا فۆکویاما ئەو راستیانە دیاردەکات و وەڵامی رەخنەگرەکانی دەداتەوە. (بەدرێژایی دە ساڵی رابردوو هیچ گۆرانکاریەک روونەدا لە رووی سیاسی و ئابۆریەوە کێبرکێ لەگەل دەرئەنجامەکانی ئێمەدابکات، بویە دیموکراسی لیبرالی و سیستەمی ئابۆری کە ئەمرۆ بەرەو بازار دەروون هەردووکیان هەلبژاردەی حەقیقی و تاقانەن بۆ کۆمەلگای سەردەم دەستدەکەون). لەسەر ئەم تیورە دەستنیشانی دوو بنەمای سەرەکی دەکات کە جۆلانەوەی مێژوو دەکات یەکەمیان تەکنولۆژیا، دووەمیان بەردەوامبوونی دۆزینەوەی زانست. بویە ناکرێت رۆل و کاریگەری ئامرازەکانی نوێی گەیاندن لەبیربکرێت بۆ بلاوکردنەوەی دیموکراسی، ئینتەرنێت و موبایلی  زیرەک دوو نموونەن لەم سەری بۆ ئەو سەری دونیا.

پەیوەندی نێوان میدیا و دیموکراسی تەواوکاری یەکترین، هیچ کاتێك دیموکراسیەت بەبێ میدیا بەرقەرار نابێت،  یەکێکە لە رایەلە گرنگەکانی دیموکراسیەت  ئەوەی کە دیموکراسیەت بەرقەرار دەکا جورێك بە تەمکینی پێ دەدا میدیایە، لەبەر ئەوە چەمکی میدیا لەگەل ئازادی و دیموکراسیەت تێکەل دەبێت و هیچ جورێکی دیموکراسیەت ناتوانێ وەسف بکرێ یان وێنە بکرێ ئەگەر میدیا نەبێت وە لەهەمان کاتیشدا چەمکی ئازادی کە لە دونیای پولینکردنی چەمکەکانە ئازادی و دیموکراسیەت بەیەکەوەن، دیموکراسیەت مانای نیە ئەگەر میدیا نەبێت چونکە کە تو باسی دیموکراسیەت دەکەی ئەو مودێلەی دیموکراسیەتی رۆژهەلاتی مودێلی لە هەندێ وەلاتی دیکتاتوری هەر نابێ ئەصلەن ناوی بلێین دیموکراسیەت بوویە دیموکراسیەت پرۆسەیەکە پەیوەستە بە ئازادیەوە لە هەمان کاتیشدا ئەو دوو چەمکە وێناکردنە  و بەرجەستەکردنیان لە رێگای میدیاوە .

دیموكراسیەت و میدیا هەردووكیان دو زاهیرەی مودێرنن لە كومەڵگای مودێرندا و سیستەمێكی بە یەكەوە بەستراون كە لە ناو كە لە ناو سیتەمەكەدا موئەسەساتی كومەلایەتی بە ئەركی كومەلایەتی دیاریكراون ئەو موئەسەساتەنە دام و دەزگایانە سیستەمی كومەلایەتی كامل دەكەن. دیموكراسی هەم پێویستیە هەم ژی تەواوكارە بو رێگایی گەشەسەندنی بەردەوام دەگرێتەبەر گەشەسەندن.

**تەوەری چوارەم، رۆلی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدان دیموكراسی:**

قۆناغی سەرهەڵدان دیموكراسی بریتیە لە قوناغێ دوای تێپەراندنی سیستەمی دیكتاتۆریەت و بەر لە دروست بوونی دیموكرسیەتێكی جێگیر. هاوشێوەی رۆژئاوا. بویە دیموكراسیەت لەم قۆناغەدا زەمەنێكی پێویستە. تا وەكو لە خەم دەرخسێ. بەلام بێگۆمان بەبێ كێشە تێپەرنابێت. سروشتی سەرهەڵدانی دیموكراسی هەڵگری هەندێك كێشەیە ئەو كێشانە گرفتن بۆ میدیا..بۆ رۆژنامەنووسان.. بۆ یاساكان ... بۆ دەسەلات... بۆ خەلك.

پشبەستینی دیموكراسی بە دەزگاكانی راگەیاندنی كلاسیك و نوێ دەبێتە شوێنی نمایشی دیموكراسی بو گفتوگو، ئازادی رادەربرین، ئاراستەیەكی زۆر گرنگە بۆ پراكتیكزەكردنی دیموكراسی بەو ئاستەی پێشكەوتنی هەر كۆمەڵگایەک دەبەستێت بەپێی قەبارەی ئەو دیموكراسیەی كە پەیرەوی دەكات. میدیا ئەژماردەكرێت بە یەكێک لە ستوونە گرنگەكانی لە هەر گورانكاریەكی دیموكراسی، راگەیاندن و دیموكراسی دووانەیەكی لەگەل یەكدا چەسپاون سەرەرای جیاوازی بوچونی توێژەران كە دەلێن لایەنی یەكەم راگەیاندن هەندێك جیاوازی هەیە لەگەل لایەنی دووەم كە دیموكراسیە. ناتوانین لەسەر هەر جۆرێكی دیموكراسی قسەبكەین ئەگەر نەگەرێینەوە بۆ دیاریكردنی رۆلی راگەیاندن لە كۆمەلگادا وە ناتوانین بریار بو هەبوونی دیموكراسی راستەقینە بدەین بەبێ هەبوونی میدیایی دیموكراسی و پەیوەندیەكانیان. ئەمەش دیاردەكات كە پەیوەندی نێوان میدیا و دیموكراسی پەیوەندیێكی پێكەوەگرێدراوە و پەیوەستە بە دیموكراسی كۆمەلگا هەردووكیان پێكەوە كاریگەریەكی زۆر بۆ دەربرینی رای بێدەنگی هاولاتیان دەكات بە تایبەتی ئەوانەی دیكتاتۆری میدیایی هەبووە بۆ چەند سەدەیەک.

ئامرازەكانی راگەیاندن هەلدەستن بە رۆلێكی گرنگ لەپرۆسەی كۆمەلگەیی سیاسی بەرێگەیی زیادەكردنی زانیاری سیاسی بۆ هاولاتیان و بەرزكردنەوەی بەهاكان لەلایان و لە كۆمەلگە پێشكەوتووەكاندا ئامرازەكانی راگەیاندن كار لەسەر زانیاری گرێدراوی بەبریارەكانی نوخبەی دەستەهەلاتدار لەلایەكەوە و لەلایەكیترە گواستنەوەی زانیاریەكانی وەرگران بۆ دەستەهەلاتداران ئەم پشتگریە بەردەوامەی زانیاریان لەئەنجامدا بۆ جێگیركردنی زانیاری رۆشنبیری بەربلاو وپەیوەستكردنی كۆمەلگەی ناوخۆ بە كۆمەلگەی نشتیمانی، كەواتە هەلدەستێت بە هوشیاركردنەوەی هاولاتیان بە بیرو پێوەرە باوەرپێكراو لەلایی دەستەهەلاتی سیاسی لەرێگەیی ئامرازەكانی راگەیاندن. ئامرازەكانی راگەیاندن بەپلەی جیاواز كاریگەری خۆیان هەیە بەلام كاریگەری تەلەفزیۆن زۆرترین كاریگەریە چۆنكی دەنگ و رەنگی هەیە، زۆربەی مرۆڤەكان بە تایبەتی منالان كاتێكی درێژ تەماشای شاشەكان دەكرێن، كاریگەری تەلەفزیۆن وەكو كاریگەری قۆتابخانە و خێزان وایە، زۆرێک لە ولاتان لەو بروایەدان دروستكردنی ئەم جۆرە پرۆگرامانە جەخت لەسەر دروستكردنی بیروباوەری نشتیمانی لەرێ وێنەی رابردوو و ئێستا و چەسپاندنی دروستكردنی حەزی نشتیمانی لەلایان وەرگران. بەلام لە جیهانی ئێستادا ئامرازەكی گەیاندنی جەماوەری، رۆلێكی زیندی لە گۆاستنەوەی زانیاریەكاندا هەیە. بەربلاوكردنەوەی بەهاو رۆشنبیری، حكومەت، پارتە سیاسیەكان و تەنانەت پێكهاتە ئاینیەكان ئەم ئامرازانە بەكاردێنن بەئامانجی بلاوكردنەوەی بیرو دروستكردنی بەپێێ ئاراستە و بیركردنەوەكانیان، چونكە ئامرازەكانی گەیاندنی جەماوەری بوێتە بەشێك لەژیانی نەوەی نوێ بێێ ئەوەی لەژێر چاودێری خێزان و قۆتابخانە و تەنانەت دەستەهەلاتی سیاسی، بەكارهێنانی تەكنۆلوژیا پێویستی بە خواندن و نووسین و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت هەیە، رەنگە كارا نەبێت لە هەندێک كۆمەلگادا بەتایبەتی ئەگەر رێژەیی نەخوێندەواری زیادبێت.

ئەمەش دیاردەكات رۆلی راگەیاندنی نوێ بۆ بەرزكردنەوەی دیموكراسی و بنەما گرنگەكانی بۆ قۆلكردنی پراكتیزەكردنی دیموكراسی و رەنگدانەوەی دیموكراسی بە تایبەتی لە كومەلگادا بەدەردەكەوێت. بۆ گەیاندنی دیموكراسی پێویستی بو دروستكردنی جورەها قۆتابخانەی پراكتیكی بو ممارەسەكردن و پێگەیاندنی دیموكراسی هەیە، لە كۆمەلگادا هیچ بنەمایەكی دیموكراسی جێگیر نابێت ئەگەر میدیا رۆلی خۆی نەگێرێت. چونكە میدیا ژێرخانەیی دیموكراسیە. دیموكراسیەت ئامرازێكە بۆ خزمەتكردنی مافەكانی تاک و پەیوەندیەكی زۆر بەهێز بە میدیایی نوێ یەوە هەیە و دەبێتە جێگایی شوێنی رێكارە یاساییەكان ئەمەش بەپێێ بوچونی لیبرالیەكان. میدیا بو رێگایەک بۆ ئەوەی هاولاتیان لە ولاتە تازە پێشكەوتووەكان بەربەستەكان لابەن و دەربرین لەمافەكانی خۆیان بە رون و ئاسانتر بكەن. میدیا زەمینەی بەرفراوانی گفتوگو و پەیوەندی بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندی ئەرێنی لەسەر ئاستی ناوخوی دەستەبەردەكات.

ئامرازەكانی راگەیاندن بەتایبەتی میدیایی نوێ وەسفدەكرێن بە تەكنولوژیایی زانیاری و گەیاندن و ئەو ئامرازانە ئارمانجێكن بۆ گەیاندنی دیموكراسی سەرەرای توانا دەستنیشانكراوەكانی، ئەمەش بوتە هوكار توێژەر بەدواداچوون و پشتبەستن بكەن سەبارەت بە رۆلی سەركردایەتی میدیا بو گورینی كۆمەلگا بەرەو دیموكراسی. (كاترین فولتمەر) پەیوەندی نێوان گەیاندن و تەكنولوژیا و جولە كە لە ماوەی ٥٠ سالی رابردوو سەری هەلداوە دوزیەوە كە میدیا رەخساندنی بۆ پەیوەندی كۆمەلایەتی بە كۆم دروستدەكات، بەتایبەتی لە سیستەمی رژێمە سەپێنراوەكاندا. ئەستەمە بو میدیا شێوازی دیموكراسی پەیدابكات ئەگەر هەندێک پرەنسیپ و بنەما لەو بوارەدا دروست نەكرابان، سەرەرای

پرۆگرامێک هەبێت کە میدیا پێی هەڵدەستا بەلام لە ئاستی پێویست نەبوو، بو ئەوەی بوشاییەکی گەورەتر دروستنەبێت میدیا پێوسیتی بە ئەجێندایەکی ڕێکوپێک هەبوو ئەم ئەجێندایە بۆ شیوازەکانی دیموکراسی لەهەڵبژاردندا لەلایەن فولتمێرەوە دانران.

ئامرازەکانی راگەیاندن رۆلێکی سەرەکی و کارا دەگێرێت بۆ چەسپاندن و پێگەیاندنی سیاسی لەهەموو کۆمەلگەکاندا و ئامرازێکە راستەقینە و کاریگەرە بۆ گورانکاریەکان و راگەیاندنی راست و دروست ئەوەیە کەکاریگەری بۆ دەوروبەری هەیە و دەبێتەمایەی بوژانەوەی روشنبیری و کەلتوری و کومەلایەتی بەلام زۆرتر یارمەتی بۆژاندنەوەی سیاسی دەدات ئەم کاریگەریە زیندووە سەبارەت بە کارلێلی کومەلایەتی بو چاودێریکردنی هێزی سیاسی، هێزی ئابوری و حکومەت و راگەیاندن رۆلی کاریگەری خۆی دەگێریت بو بنیاتنانی دیموکراسی و لەبەرامبەرا دا دیموکراسی پشتبەستن لەسەر ئامرازەکانی راگەیاندنی تەندروست و جورا و بێلایەن دادەنێت، راگەیاندن دەرگاییکە بۆ پێگەیاندن و دانوستان و گفتوگو بۆ دیموکراسیەکی راستەقینە، بویە ئەمرۆ ناتوانین لەسەر زاراوەی دیموکراسی و شەفافیەت و جوراجوری قسەبکەین بەبێ باسکردن سەبارەت بە ئازادی رادەربرین. ئامرازەکانی راگەیاندن رۆلێکی کاریگەریان هەیە بو دروستکردنی رەوشی چاکسازی سیاسی لە هەموو کومەلگەکاندا بەشێوازێکی گشتی، کە رەنگدانەوەی نێوان سروشتی پەیوەندی هاولاتیان و دەولەت، پەیوەندی نێوان دەستەبژێری کۆمەلگا و جەماوەر دەستەبەردەکات. سروشتی راگەیاندن بۆ گەیاندنی دیموکراسی دەبێتە پشتگری بەژداری سیاسی و دروستکردنی بریاری سیاسی، گرێدراو بە فەلسەفەی سیستەمە سیاسیەکان و پلەی ئازادی بۆ ئەوانەی لەژێر سیبەری ئەوداکاردەکەن بۆ دروستکردنی کۆمەلگا و بەهاکانی.

لە دیموکراسییەتە پێگەیوەکاندا میدیا رۆلێکی سەرەکی لەپاراستنی ئازادی رادەربرین دەگێرێ، ئەگەر میدیا لەو بوارەشدا چالاک نەبوو ئەوا ئازادی رادەربرین لە مەترسیدا دەبێت، میدیا دەتوانێ ئەوە بە چەند ڕێگایەک بکات وەکو پابەندبوونی تەواو بە بلاوکردنەوەی مەودا گەلێک تایبەت بە بەرژەوەندی گشتی، زۆر تەرکیزکردن لەسەر چەند نموونەگەلێکی سەپاندنی کوتوبەند دەسەپێنێ بەسەر ئازادی رادەربرین و بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاسانەی کە کوتوبەند دەسەپێنێ بەسەر ئازادی رادەربرین لە هاوکاری لەگەل کەسانی تردا. ترسناکترین پرس کە رووبەرووی میدیا دەبێتەوە پرسی ئازادی رادەربرینە، کە لە بەرامبەریدا بێ کۆسپ و تەگەرە راست دەبێتەوە، هەر چەندە سەرجەم دەستورەکان بەبریار لەسەردراوی پێشتر دادەینێن، بەلّام ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکاران سالّانە ژیانی خۆیان یان کارەکەیان یان ئازادیان لە زۆر شوێنی جیهان لەدەست دەدەن، جگە لە کەمبوونەوە لەقەوارەی ئازادی رۆژنامەگەری و پەنابردن بۆ زۆر لە کوتوبەند لەجیاتی فراوانبوونی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان لەبەردەم میدیاکاراندا.

بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی چوار قوناغی بژاردە هەیە کە هەر ولاتێک لەسەر بروات بو ئەوەی جێگیری دیموکراسی بەدەستبهێنێت، پێک دێت لە قۆناغی پێش دیموکراسی، قۆناغێ گەشەسەندن، قوناغی یەکرێزی، قۆناغی سەقامگیری "پێگەیشتووە"، قۆناغێ پێش دیموکراسی جەخت لەسەر شێوازەکانی پێشووتر دەکات، قوناغێ گواستنەوە ئەو ماوە مێژوویەیە کە دەستەلات رۆلی نامێنێت، قۆناغی یەکرێزیش ئەوەیە کە کۆمەلگا یەکتر قبوّل دەکات و پێداگیری لەسەر شێوازی دیموکراسی دەکات. لە قۆناغی سەقامگیری بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بە رۆلی خۆی هەڵدەستێت. ئەم میتودە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئامرازەکانی میدیا زۆرتر بەرەو دیموکراسی لەماوەیەکی کەم دا گەشە دەکات، لەوکاتەی هاولاتیان و رۆژنامەنووسان ئازادییەکانیان لەبەردەم خۆی دا دەبینرێت، ئەمە پرۆسەی تێکەلاوبوون درۆست دەکات، لەم رەوشەدا ئامرازەکانی میدیا دەبنە دامەزراوەی سەرەکی و دەبێتە هۆکار کە تاک زۆر لە بابەتە دیموکراسیەکان لەناو کۆمەلگادا تێبگەن. میدیا بەژدارە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەلگادا بەشێوەیەکی نموونەی بەرێگای گفتوگو لەزۆر کێشەکاندا، ئەمەش بە پشتیوانی ئەو بریارانەی لەکاردا دەردەچن. هەروەها ئامرازەکانی میدیا دەبێتە جێگای وەرگرتنی زۆر راو بیروبوچون وهەلوێستە جیاوازەکان، لەم حالەتەدا ئامرازەکانی میدیا رۆلی چاودێری لەسەر حکومەت و دەستهەلات دەگێرێت، بەبێ ئەم ئازادیانە هیچ کۆمەلگایەک هەمووی ناتوانێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی.

بەپێێ بۆچونەکانی (وولبەر شرام) بنەمایی سەرەکی پەیوەندی لەنێوان نێرەرەر و وەرگر لەسەر بابەتێکی دەستیشانکراو کە جەماوەر گرنگی پێ دەدات و ئامرازەکانی میدیا رۆلی خۆی دەگێرێن لەو کێشانەدا کە کۆمەلگا بیر لەم بابەتەدا بکات بۆ بۆژاندنەوە و فکرکردن. لەهەمان کاتدا دەکەوێتە ژێردەستهەلاتی هێزی سەرەکی ناو کۆمەلگا و بەهاکانی.

**تەوەری پێنجەم: رۆلی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان لە نەشونماکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا**

پرسیارەکان سەبارەت بە دیموکراسیەت لەپاش راپەرین و لە کوردستان بۆتە بەشێکی گرنگ و ناوە ناوە لە کەناڵەکانی راگەیاندن باسی لێوە دەکرێ، بەلام جارێ بە قووڵی نەچوونەتە ناو هەناوی ئەمجورە سیستەمەی بەرێوەبردنی وڵات و نەیانتوانیوە بۆ جەماوەری کوردستان روونبیکەنەوە، کە هەبوونی دیموکراسی لە نان و هەوا بۆیان پێویستترە. لە ڕاستیدا ئەم کەم باسکردن و روون نەکردنەوەشە، کە خەڵکێکی زۆر سیستێمی حوکمڕانی دەستهەلاتی جەماوەر لەگەل هەڵسوکەوتی ناشیرن تێکەل بە یەکتربکەن.

بەپێێ ئاماری بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی لەهەرێمی کوردستاندا ١٤٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە، ٣٣ ئاسمانییە، ٧٧ لە سنۆری پارێزگای هەولێرە و ١٧ لە پارێزگای سلێمانی و ١٧ لەپارێزگای دهۆکن. هەموویان مولەتیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

تەلەفزیۆن لەگەل دیموکراسی لەخالێکدا هاوشێوەن هەردووکیان کار لەسەر زورینە دەکەن، سروشتی راگەیاندن لە کوردستان لەدوای سالی ١٩٩١ کەوتە ناو راگەیاندنێک کە پێشتر لەجیهاندا بوونی هەیە، لە دوای ١٩٩١ێ تەلەفزیۆن لەلایەن دەستەلاتی کوردیەوە دەستپێکرد بەهەموو باشی و خەرابیەکانی خۆیەوە هاتە ناو کۆمەلگای کوردستان و راگەیاندنێکی سەردەم دەستبەکاربوو.. سەرکەوتن و نەسەرکەوتنی و رۆلی لەدیموکراسی و نەبوونی رۆلی دەبێت تەماشاکەی راگەیاندنی کوردی دوورو نێزیک چەند نزیکی ئەم بابەتەیە. ئەو تیورانەی ئێمە دەخوێنین لەسەر راگەیاندن و کومنیکەیشنی کومەلناسی روزلفێت و ئەوانی تر دوو پیوەرەی ئێمە دەبینین یان بۆ گەیاندنی هەوالەکانە یان بو ریکلام کردنە بۆ کالا. کەواتە راگەیاندنی سەردەم دەستپێنەکردووە وەکو ئامرازێکی ئایدولوژی بەدەست رێکخراوێکی سیاسی، راگەیاندنی سەردەم ئەرکی بلاوکردنەوەی هەلویست و بیروباوەری حزبێکی سیاسی نەبوو، ئەگەر ئەمە پیوەربیت راگەیاندنی کوردی سەقەت دەستپێکرد.


لە هەرێمی کوردستاندا کاری میدیا و رۆژنامەنووسی لەرووی یاساییەوە تەنیا کاری رۆژنامەگەری بەیاسا رێکخراوە سەندیکایی رۆژنامەنووسان لە سالی ١٩٩٨ بە قانوونێکی تایبەت دروست بووە و ئارمانجەکانی لە قانوونەکە دا هەیە یەکێك لە ئارمانجەکانی بو رونکردنی دیموکراسیەتبوونی سیاسی و کومەلایەتی لە هەرێمی کوردستان و هەولبدا کە هەموو کەنالەکان بە پەیوەندیەکانی خوی و کاری پیشەیی بخاتە گەر بەتایبەتی لە کێشە مەرکەزیەکانی خەلکی کوردستان کە ئەوەش کە ئامانجەکانی سەندیکا لە قانونی جێی گرتووە دیسانەوە لە قانوونی ٣٥ سالی ٢٠٠٧ هەندی لەو ئیلتیزامانەی رۆژنامەگەری چارەسەربکەین چ بەهەندێ بابەتە رەئیسیەکانی کە ئەلاقەی بە پێوەری نیودەولەتی کە ئەلاقەی بە میدیاوە هەیە ئەوە کە سانسور نینە لەهەرێمی کوردستان لەلایەکی ترەوە یاساکانی هەرێمی کوردستان باسی رادیو و تەلەفزیۆن تێدانەکراوە.

تەوەری شەشەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوە:

لەم تەوەرەدا بەوردی ئەنجامی فۆرمی راپرسی و شرۆڤەی داتاکانی کراوە داوی دابەشکردنی فۆرمی راپرسی بەسە لێتوێژراوی توێژینەوە و وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و ئەنجامدانی کرداری بەتالکردن (تفریغ) بۆ ئەو زانیاریانەی لەناو فۆرمەکە بەدەستهاتوون. زانیاریەکان لەشێوەی خشتەپۆلێن و رێکخراوە و روون کراونەتەوە کە لە خوارەوە دیارە و ئەمەش لە (٢٠) پێکهاتوون و دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە وەک دەرهاویشتەی ئەو داتا و زانیاریانە خراوەتەروو:

خشتەی ژمارە یەک ( رەگەزی توێژەران)

| رەگەز | دووبارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 143 | 73.0% |
| مێ | 53 | 27.0% |
| کۆی گشتی | 196 | 100% |





هێلکاری ژمارە یەک (رەگەزی توێژەران)

بەپێی خشتەی ژمارە یەک رەگەزی لێتوێژەران کە لە ١٩٦ مامۆستایی زانکۆ پێک دێت وادەردەکەوێت رێژەی بەژداریکردنی لە راپرسی لێتوێژینەکەدا ١٤٣ مامۆستا لەرەگەزی نێر و ٥٣ مامۆستا لە رەگەزی مێ بەژداریکردوە بەرێژەی ٢٧٪ بەرامبەر ٧٣٪ رەگەزی نێر، رێژەی بەژداریکردنی مامۆستایانی نێر نێزیکی سێ بەرامبەری مامۆستایانی مێ یە.

خشتەی ژمارە دوو (تەمەنی توێژەران)

| % | دووبارە | تەمەن |
|---|---|---|
| 12.2% | 24 | 25-30 |
| 44.4% | 87 | 31-40 |
| 26.0% | 51 | 41-50 |
| 17.3% | 34 | >50 |
| 100% | 196 | كۆی گشتی |





هێلکاری ژمارە دوو (تەمەنی توێژەران)

لەخشتە و هێلکاری ژمارە دوو دا دەرکەوێت بەگشتی تەمەنی لێتوێژەران لە ٢٥ سالی کەمتر نیە و بەژداربووانی راپرسیەکە بەرێزبەندی یەکەم لە نێوان ٣١ بۆ ٤٠ سالیدانە کە ژمارەیان دەکاتە ٨٧ مامۆستا بەرێژەی ٤٤،٤٪ و هەروەها لەنێوان ٤١ بۆ ٥٠ سالی بەرێزبەندی دووەم دێت کە دەکاتە ٢٦٪، رێزبەندی سێیەمی لێتوێژەران بەپێی دەرئەنجامی فۆرمی راپرسی تەمەنیان لەسەرووی ٥٠ سالیدایە بەرێژەی ١٧.٣٪ و رێزبەندی چوارەم بەپێی تەمەن لە ٢٥ بۆ ٣٠ سالی دێت بەرێژەی ١٢.٢٪ بەگشتی لێتوێژەرانی بەژداربەرێژەی زۆر گەنج بوونە.

خشتەی ژمارە سێ (ئاستی زانستی توێژەران)

| % | دووبارە | ئاستی زانستی |
|---|---|---|
| 8.7% | 17 | دبلۆمی باڵا |
| 50.0% | 98 | ماستەر |
| 41.3% | 81 | دکتۆراه |
| 100% | 196 | كۆی گشتی |





هێلکاری ژمارە سێ (ئاستی زانستی توێژەران)

ئاستی زانستی لێتوێژەران لە قۆناغێکی بەرزی زانستیدایە کە سەرجەم بەژداربووان مامۆستایانی زانکۆن و بەپێێ دەرئەنجامی خشتە و هێلکاری سێیەم ڕێزبەندی یەکەم لە لێتوێژەران هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرن کە ٩٨ هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بەرێژەی ٥٠٪ و ڕێزبەندی دووەم هەڵگرانی بڕوانامەی دکتوران ژمارەیان ٨١ مامۆستان بەرێژەی ٤١.٣٪ و ڕێزبەندی سێیەم ژمارەیان ١٧ مامۆستا بەرێژەی ٨.٧٪ بە گشتی لێتوێژەران لەئاستێکی بەرزی زانستیدان.

خشتەی ژمارە چار (نازناوی زانستی توێژەران)

| نازناوی زانستی | دووبارە | % |
|---|---|---|
| مامۆستای یاریدەدەر | 75 | 38.3% |
| مامۆستا | 67 | 34.2% |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 37 | 18.9% |
| پرۆفیسۆر | 17 | 8.7% |
| کۆی گشتی | 196 | 100% |





هێلکاری ژمارە چار (نازناوی زانستی توێژەران)

بەپێی خشتەی ژمارەی چوار نازناوی زانستی لێتوێژەران مامۆستایانی یاریدەدەر ٧٥ مامۆستا بەریزبەندی یەکەم بەرێژەی ٣٨.٣٪ دیێت، بەریزبەندی دووەم ٦٧ مامۆستا بەرێژەی ٣٤.٢٪ دیێت، هەروەها پرۆفیسوری یاریدەدەر ٣٧ مامۆستایی زانکۆ بەرێژەی ١٨.٩٪ ریزبەندی سێیەم دیێت و ریزبەندی چوارەم ١٧ مامۆستا زانکۆی بەژداری لێتوێژینەوەکە بە نازناوی پرۆفیسور بەرێژەی ٨.٧٪ دیێت بەگشتی بەژدارانی لێتوێژینەوەکە هەڵگری ناسناوی زانستین و بەپلەی جیاجیا.

خشتەی ژمارە پێنج (شوێنی كاركردنی توێژەران):

| % | دووبارە | شوێنی كاركردن |
|---|---|---|
| 45.9% | 90 | سەلاحەددین |
| 12.2% | 24 | سلێمانی |
| 41.8% | 82 | دهۆک |
| 100% | 196 | كۆی گشتی |





هێلکاری ژمارە پێنج (شوێنی كاركردنی لێتوێژەران)

شوێنێ كاركردنی لێتوێژەران بەریزبەندی یەکەم لەزانکۆی سەلاحەدین ٩٠ مامۆستا بەژداری لە لێتوێژینەوەدا کردووە، بەرێژەی ٤٥.٩٪ و بەریزبەندی دووەم ٨٢ مامۆستایی زانکۆیی دهۆک بەرێژەی ٤١.٨٪ و ریزبەندی سێیەم بەژداربووان ٢٤ مامۆستایی زانکۆی سلێمانین بەرێژەی ١٢.٢٪.

خشتەی ژمارە شەش (سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن توێژەران)

| % | دووبارە | رۆژانە چەند كاتژمێر سەیری كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان دەكەیت؟ |
|---|---|---|
| 54.6% | 107 | كەمتر لە كاتژمێرێک |
| 32.1% | 63 | 1-2 |
| 11.2% | 22 | 3-4 |
| 2.0% | 4 | >4 |
| 100% | 196 | كۆی گشتی |





هێڵکاری ژمارە شەش (سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن توێژەران)

بەپێی خشتەیی ژمارە شەش سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن توێژەران لەکاتژمێرێک کەمتر ١٠٧ کەس بەریزبەندی یەکەم بەرێژەی ٥٤.٦٪ دێت، ریزبەندی دووەم لەنێوان ١ کاتژمێر بۆ ٢ کاتژمێر ٦٣ کەس بەرێژەی ٣٢.١٪ و ریزبەندی سێیەم ٢٢ کەس و ب رێژا ١١.٢٪ و زیاتر لە ٤ کاتژمێر تەنیا ٤ کەس بەرێژەی ٢٪ دێت، بەپێی ئەم خشتە و هێڵکاریە رێژەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن نیشاندەدات و رێژەی سەیرکردن بەگشتی لە دەمژمێرەک کەمترە ئەمە دیاردەکات کە میدیایی نوێ کاریگەری بەسەر ئامرازەکانی میدیایی کۆندا درۆستکردووە.

خشتەیی ژمارە حەوت (سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان):

| ز | کەناڵ | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | Payam | 12 | 2.4% |
| 2 | Rudaw | 170 | 33.9% |
| 3 | Zagros | 11 | 2.2% |
| 4 | Sspeda | 9 | 1.8% |
| 5 | Kurdsat_News | 21 | 4.2% |
| 6 | K24 | 94 | 18.7% |
| 7 | Ktv | 29 | 5.8% |
| 8 | Kurkik | 4 | 0.8% |
| 9 | KNN | 10 | 2.0% |
| 10 | GK | 9 | 1.8% |
| 11 | WARtv | 61 | 12.2% |
| 12 | NRT | 72 | 14.3% |
| کۆی گشتی | | 502 | 100.0% |





هێڵکاری ژمارە حەوت (سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)

بەپێی ئەو ڕێژانەی لە دەرئەنجامی ڕاپرسی بۆ سەیرکردنی کەناڵە تەلەفزیۆن ە ئاسمانیە کوردیەکان دوو ڕادەی ڕێژەیی بۆ ڕاستی دەرئەنجامەکان دەرکەوتووە کە بەدووبارەبوونەوەی ١٧٠ بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو بەریزبەندی یەکەم دێت و بە تەماشەکردنی ٩٤ مامۆستا بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٤ بەریزبەندی دووەم و کەناڵی ئاسمانی ئێن.ئار.تی بەریزبەندی سێیەم بە بینەری ٧٢ مامۆستا دێت و هەروەها بەریزبەندی چوارەم بەتەماشکردنی ٦١ کەس کەناڵی ئاسمانی وار تیڤی دێت، پاشان بەریزبەندی شەشەم کوردستان تیڤی و بەریزبەندی حەوتەم کوردسات تیڤی و پاشان پەیام بەریزبەندی هەشتەم و زاگرۆس بەریزبەندی نویەم کەناڵی کەی.ئێن.ئێن دێت و کەناڵەکانی سپێدە و گەلی کوردستان بەریزبەندی دەیەم دێت، هەروەها بەریزبەندی یازدەیەم کەناڵی ئاسمانی کەرکووک دێت کە سەرجەمی دوازدە کەناڵی وەکو نموونە وەرگیراون ڕیزبەندی یازدەیان دەرچووە، چۆنکە دەرئەنجامی کەناڵەکانی سپێدە و گەلی کوردستان وەک یەک بووە.

خشتەی ژمارە هەشت ( سەیرکردنی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان)

| | سەیری چ بەرهەمێکی تەلەفزۆنی دەکەیت؟ | بەردەوام | | ناڕادەیەک | | کەم | | بەپێی کات | | سەیر ناکەم | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی سەیرکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبار | % | دووبار | % | دووبار | % | دووبار | % | دووبار | % | | | |
| 1 | شیکردنەوەی سیاسی | 31 | 23.1% | 39 | 29.1% | 26 | 19.4% | 16 | 11.9% | 22 | 16.4% | 3.31 | 1.38 | 66.12% |
| 2 | هەواڵەکان | 63 | 36.4% | 60 | 34.7% | 25 | 14.5% | 20 | 11.6% | 5 | 2.9% | 3.90 | 1.11 | 78.03% |
| 3 | پانۆراما | 8 | 7.4% | 22 | 20.4% | 30 | 27.8% | 16 | 14.8% | 32 | 29.6% | 2.61 | 1.30 | 52.22% |
| 4 | دیبەیت | 11 | 8.8% | 33 | 26.4% | 31 | 24.8% | 29 | 23.2% | 21 | 16.8% | 2.87 | 1.23 | 57.44% |
| 5 | چاوپێکەوتن | 15 | 11.4% | 45 | 34.1% | 26 | 19.7% | 30 | 22.7% | 16 | 12.1% | 3.10 | 1.23 | 61.97% |
| 6 | کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | 7 | 6.0% | 35 | 30.2% | 25 | 21.6% | 27 | 23.3% | 22 | 19.0% | 2.81 | 1.23 | 56.21% |
| 7 | ڕیپۆرتاژ | 7 | 6.4% | 31 | 28.2% | 27 | 24.5% | 22 | 20.0% | 23 | 20.9% | 2.79 | 1.24 | 55.82% |
| 8 | فلمی دیکۆمێنتاری | 24 | 17.6% | 51 | 37.5% | 23 | 16.9% | 22 | 16.2% | 16 | 11.8% | 3.33 | 1.27 | 66.62% |
| 9 | فلم | 20 | 16.8% | 22 | 18.5% | 21 | 17.6% | 29 | 24.4% | 27 | 22.7% | 2.82 | 1.41 | 56.47% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.06 | 1.27 | 61.21% |





هێلکاری هەشت ( سەیرکردنی بەرهەمە تەلەفزیۆن یەکان)

لەخشتە و هێلکاری ژمارە هەشت دا سەبارەت بە تەماشاکردنی بەرهەمە تەلەفزیۆن یەکان هەر سێ پێوەری ئاماری ناوەندی ژمێریاری، لادانی پێوانەیی، ڕێژەی سەیرکردن وەربگرین دەردەکەوێت کە سەیرکردنی هەواڵەکان بەریزبەندی یەکەم بەرێژەی ٧٨،٣٪ دێت. و فلمی دیکۆمێنتاری بەریزبەندی دووەم بەرێژەیی ٦٦،٦٢٪ دێت و شیکردنەوەی سیاسی بەریزبەندی سێیەم بەرێژەیی ٦٦.١٢٪ دێت، ئینتەرڤیۆ (چاوپێکەوتن) بەریزبەندی چوارەم بەرێژەیی ٦١،٩٧٪ دێت و دیبەیت بەریزبەندی پێنجەم بەرێژەیی ٥٧،٤٤٪ دێت و تەماشەکردنی فلم بەریزبەندی شەشەم بەرێژەیی ٥٦،٤٧٪ دێت و کۆنگرەی رۆژنامەوانی بەریزبەندی حەوتەم بەرێژەیی ٥٦،٢١٪ دێت و ریپۆرتاژ بەریزبەندی هەشتەم بەرێژەیی ٥٥،٨٢٪ و پانۆراما بەریزبەندی نۆیەم بەرێژەیی ٥٢،٢٢٪ دێت. لەم خشتەیەدا دەرکەوێت کە تەماشاکردنی ئەو بەرهەمانەی وەکو سەمپل وەرگیراون هەموویان بەسەر ڕێژەیی ٥٠٪ دا ئەوەی لە ناوەرۆکی دا هاتووە سودی لێوەردەگرێت.

خشتەیی ژمارە نو (گرنگیدانی کەناڵەکان بەبابەتەکانی دیموکراسی)

| ڕەگەز | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 18.4% |
| نەخێر | 45 | 23.0% |
| تاڕادەیەک | 115 | 58.7% |
| کۆی گشتی | 196 | 100% |





هێڵکاری ژمارە نۆ (گرنگیپێدانی کەناڵەکان بەبابەتەکانی دیموکراسی)

لەخشتە و هێڵکاری ژمارە نۆ دا سەبارەت گرنگیپێدانی کەناڵەکان بە بابەتەکانی دیموکراسی لەو سێ هەڵبژاردەیی ئاراستەکراون تارادەتەک بەرێژەیی ٥٨،٧٪ بەریزبەندی یەکەم دێت و نەخێر بەرێژەیی ٢٣٪ بەریزبەندی دووەم دێت و لە کۆتایی ریزبەندیەکەدا بەڵێ بەرێژەیی ١٨.٤٪ بەریزبەندیی سێیەم دێت ئەگەر تەماشایی هەردوو بژاردەیی تارادەیەک و بەڵێ بکەین بەرێژەیی ٧٧٪ لە براوایەدان کەناڵەکانیی ئاسمانی تەلەفزیۆن ە کوردیەکان گرنگی بەبابەتە دیموکراسیەکان دەدەن.

خشتەیی ژمارە دە (ئاراستەکانی دیموکراسی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن )

| | لە چ بەرهەمێک دا زیاتر ئاراستەکانی دیموکراسی دەردەکەوێت؟ | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | تاڕرادیەک | | لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریار | لادادی پێوانەی | ڕێژەی لەگەڵ بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| 1 | شیکردنەوەی سیاسی | 7 | 3.6% | 15 | 7.7% | 110 | 56.1% | 46 | 23.5% | 18 | 9.2% | **3.27** | **0.867** | **65.41%** |
| 2 | هەواڵەکان | 9 | 4.6% | 20 | 10.2% | 111 | 56.6% | 35 | 17.9% | 21 | 10.7% | **3.20** | **0.926** | **63.98%** |
| 3 | پانۆراما | 7 | 3.6% | 20 | 10.2% | 135 | 68.9% | 24 | 12.2% | 10 | 5.1% | **3.05** | **0.756** | **61.02%** |
| 4 | دیبەیت | 8 | 4.1% | 18 | 9.2% | 113 | 57.7% | 35 | 17.9% | 22 | 11.2% | **3.23** | **0.913** | **64.59%** |
| 5 | چاوپێکەوتن | 7 | 3.6% | 17 | 8.7% | 105 | 53.6% | 49 | 25.0% | 18 | 9.2% | **3.28** | **0.880** | **65.51%** |
| 6 | کۆنگرەی رۆژنامەوانی | 7 | 3.6% | 19 | 9.7% | 126 | 64.3% | 30 | 15.3% | 14 | 7.1% | **3.13** | **0.816** | **62.55%** |
| 7 | ریپۆرتاژ | 8 | 4.1% | 25 | 12.8% | 126 | 64.3% | 28 | 14.3% | 9 | 4.6% | **3.03** | **0.787** | **60.51%** |
| 8 | فلمی دیکۆمێنتاری | 12 | 6.1% | 33 | 16.8% | 117 | 59.7% | 20 | 10.2% | 14 | 7.1% | **2.95** | **0.896** | **59.08%** |
| 9 | فلم | 21 | 10.7% | 26 | 13.3% | 125 | 63.8% | 16 | 8.2% | 8 | 4.1% | **2.82** | **0.881** | **56.33%** |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | **3.11** | **0.86** | **62.11%** |




هێڵکاری ژمارە دە (ئاراستەکانی دیموکراسی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن )

سەبارەت بە ئاراستەکانی دیموکراسی لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی کەناڵە تەفزۆنیەکان بەریزبەندی یەکەم لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆن ی بەرێژەیی ٦٥،٥١٪ دەردەکەوێت و شێکردنەوەی سیاسی بەریزبەندی دووەم بەرێژەیی ٦٥،٤١٪ دێت و لەدیبەیتدا بەریزبەندی سێیەم بەرێژەیی ٦٤،٥٩٪ دێت و لەناوەرۆکی هەواڵەکان بەریزبەندی چوارەم بەرێژەیی ٦٣،٩٨٪ دێت و کۆنگرەیی رۆژنامەوانی بەریزبەندی پێنجەم بەرێژەیی ٦٢،٥٥٪ دێت و لەپانۆراما بەریزبەندی شەشەم بەرێژەیی ٦١،٢٪ دێت و ریپۆرتاژ بەریزبەندی حەوتەم بەرێژەیی ٦٠،٥١٪ دێت و ریزبەندی هەشتەم فلمە دیکۆمێنتاریەکان بەرێژەیی ٥٩،٨٪ دێت و کۆتا ریزبەندی نۆیەم فلمەکان بەرێژەیی ٥٦،٣٣٪ دێت.

### تەوەری حەوتەم دەرئەنجام و راسپاردەکانی توێژینەوە:

### یەکەم: دەرئەنجام،

1. تەلەفزیونیە کوردییەکان رۆلیان لەنەشونماکردنی دیموکراسی لەقۆناغی سەرەتاییدایە، بە قۆلی چووینە ناو ناوەرۆکی بەرهەمە تەلەفزیونییەکاندا.
2. بنەماکانی دیموکراسی چەمکەکانی وەکو (ئازادی، یەکسانی، هەڵبژاردن) زیاتر گرنگی پێدەدرێت ئەمە لەروانگەیەکی سیاسییەوە زیاتر لە روانگەیەک کە میدیا بووتە سیستەمی ژیان.
3. ئاستی تەماشاکردنی ئامرازی تەلەفزیۆن بەگشتی لەناو مامۆستایانی زانکۆدا بەرەو کەمی روویشتووە بەرێژەی ٣٢٪ لە مامۆستاکانی زانکۆ کەمتر لە دەمژمێر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن.
4. پرسەکانی دیموکراسی لەناوەرۆکی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا وەک ستراتیژی بەرنامەی بۆ دانانراوە لە وەرزە جیاوازەکاندا باسدەکرێن بەتایبەتی لەکاتی گەرم و گوری پرسە سیاسیەکاندا ئەو بابەتانە باسدەکرێن.
5. بە زۆری کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان پرسە دیموکراسیەکان و بەرهەمەکانی بەئەجێندایەکی تایبەت و رێک و پێک دانانرێن.

### دووەم: راسپاردەکانی توێژینەوە

لەسونگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە ئەم پێشنیاز و راسپاردانەی خوارەوە دەخاتەروو:

1. پرسەکانی دیموکراسی بە ستراتیژی بچێتە ناو بابەتەکانی میدیا و تەلەفزیۆن دا، لەسەر ئاستێکی گشتی ئەجێندا، فەلسەفە، سیاسەتی دەزگاکانی راگەیاندن (تیڤی) کاری لسەربکرێت.
2. پێشنیاز دەکەین لەخوێندنی ئەکادیمی راگەیاندا زیاتر گرنگی بە پرسەکانی دیموکراسی بکرێت.

3. پێشنیاز دەکەین تەلەفزیۆن ە ئاسمانیە کوردیەکان رۆژنامەنووسان و ستافەکانی لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی رادەربرین و یەکسان و پێکەوەژیان و.... رابهێنرێن.

4. پێشنیاز دەکەین دەزگاکانی حکومی،زانیاری راست و دروست بە دەزگاکانی راگەیاندن بدرێت وەکو بنەمایەکی دیموکراسی و دروستکردنی باوەری لەنێوان حکومەت و هاولاتیاندا.

5. بۆ توێژەران و ئەکادیمستیانی بوارەکانی زانستی مرۆڤایەتی و بە تایبەتی راگەیاندن پێشنیاز دەکەین، زیاتر توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە بابەتەکانی دیموکراسی ئەنجامبدەن.

## سەرچاوەکان:


### بە زمانی کوردی:

1. د. بەهات حەسیب قەرەداغی، میدیا پرس و ترس، ٢٠١٦، توێژینەوە و وتار و سەرنج و بۆچون.
2. د. سامان جەلال مەولود، رۆلی میدیا و رۆژنامەنووسان لەقۆناغی سەرهەڵدان دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، ٢٠١٨.
3. د. مەغدید سەپان، گۆتارە تەمەن درێژەکان، ٢٠١٩، چاپخانەی رۆژهەلات.
4. د.محەمەد عەبدولقادر حاتەم، دیموکراسیەتی راگەیاندن و پەیوەندیکرن، ١٩٩٦، و، مەم بورهان قانع.
5. عەدنان یوسف حسێن، هاندانی توندوتیژی میدیایی و کاریگەری لەسەر هەڵکشانی ناکۆکی، وەرگێرانی: کەمال فاروق نەصرەدین، ٢٠٢٠، زانکۆی دهۆک، چاپخانەی ماد.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی،

### ب زمانێ عەرەبی:

1. باسل عبدالمحسن القاظي، الديمقراطية من الاغريق الى انترنيت، عمان دار دجلة للنشر و توزيع، ص، ٢٠١٦.
2. د. ارام ناجي بالتى، دور الاحزاب في التنمية السياسية دراسة حالية اقليم كوردستان- العراق، ٢٠٢٢, مكتبة زين الحقوقية و الادبية، الطبعة الاولى.
3. على محنى سامى، الاطار مفاهيمى لديمقراطية الاعلام و الاتصال، 2022 مجلة البحوث و دراسات في ميديا الجديد٤٢.
4. مصطفى فرحان تقي، قضايا الفيدرالية في الصحافة الكردية العراقية الناطقة بالعربية، ٢٠٠٥.كلية الإعلام – جامعة بغداد، ،
5. نقيبل كمال، دور الإعلام في تحقيق التنمية السياسية في الجزائر، ٢٠١٥, جامعة محمد بوضياف (المسيلة).
6. هشام عبد الكريم. الإعلام الجديد و آليات تحقيق جودة الديمقراطية في المجتمعات الانتقالية مقاربة في الديمقراطية المشاركاتية-العقوبات الدولية وأثرها على حقوق الانسان المدنية والسياسي, فى تاريخ ٩ ديسمبر٢٠١٨, مجلة مفكر عدد ١٢.

### ب زمانێ ئینگلیزی:

1. Jebril, N., Stetka, V., & Loveless, M. (2013). Media and democratization. Reuters Institute for the Study of Journalism.
2. McConnell, P. J., & Becker, L. B. (2002, July). The role of the media in democratization. In the Political Communication Section of the International Association for Media and Communication Research at the Barcelona Conference .

### چاوپێکەوتنی زانستی:

1. ئازاد حەمەئەمین، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چاوپێکەوتنی زانستی، ە ریکەوتی ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢- هەولێر، کاتژمێر ٩:٣٠ بەیانی.
2. سەرو قادر، سەرۆکی ئیستیوتی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان، ریکەوتی ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٢. چاوپێکەوتنی زانستی، هەولێر کاتژمێر ٤:٣٠ی ئێوارە.
3. شێروان عەولا، بەریوەبەری گشتی راگەیاندن و چاپ و وەشان لە وەزارەتی روشەنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوپێکەوتنی زانستی- لەریکەوتی ١١ی ئەپریلی ٢٠٢٢، هەولێر، کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ.
4. عەبدولسەلام مستەفا بەرواری، مامۆستایی زانکۆ، بەرپرسی پێشووی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ، چاوپێکەوتنی زانستی، لە ریکەوتی ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢، دهۆک، کاتژمێر ٤ی ئێوارە.
5. عەبدولکریم ئەحمەد،بەریوەبەری گشتی کەناڵی سپێدە، چاوپێکەوتنی زانستی ل ریکەوتی ریکەوتی ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٢, هەولێر, کاتژمێر ٢ی دوای نیوەرۆ،